کۆبەرێک بە تۆمەتی سیخوڕی بە ئیسرائیل لەلایەن دادگای شۆڕش سزای لەسێدارەدانی بەسەر سەپێنرا

کۆبەرێکی ئۆژەهەڵاتی کوردستان بە تۆمەتی سیخوڕی بە ئیسرائیل لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئێران سزای لەسێدارەدانی بەسەر سەپێنرا.

ئەکخراوەی مافی مرۆڤی هەنگاو ڕایگەیاند، ئیدریس ئالی تەمەن 31 ساڵ کە باوکی دوو منداڵە، لەلایەن لقی سێی دادگای شۆڕشی ئیسلامی ورمێ بەتۆمەتی سیخوڕی بە ئیسرائیل سزای سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە.

ئیدریس ئالی نزیکەی سێ مانگ پێش ئێستا لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە لە سەردەشت دەستگیرکرابوو و لە کۆتاییدا بە زیندانی سیاسی بەندیخانەی ورمێ لە ئۆژەهەڵاتی کوردستان گواستراوەتەوە، تا ئێستاش لەو بەندیخانەیە.

دەسەکەی ئیدریس ئالی دوای ناڕازایەتی بەرامبەر بە سزای سێدارە، دەسەکە بە دیوانی باڵای وڵات نەردرا، ناوبراو تائێستا لە مافە سەرەتاییەکان وەکو پەیوەندی و چاوپێکەوتن لەگەڵ پارێزەر بێبەش بووە.